کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-10-2007 0:04

## هێشتا درەنگ نیە.. بێستون بەرواری

شاراوە نییە کە رژیمەکانی داگیرکەری کوردستان هەردەم و بەهەموشێوەیەک دژایەتی گەلی کوردیان کردووە و بەردەوام لە پیلاندان بۆ نەهێشتنی هەرجورە ئازادی و هەبوونی هەر دەستکەوتێک لە کوردستان دا. ئەو دژایەتییەش جار بە کوشتن و برین و وێرانکردن بووە جار بە چەوساندنەوەو بێبەشکردن لە سادەترین مافەنەتەوەییەکان. هەلبەت کاتێک دوژمنان لەبەر چەند ئەگەرێکی نێونەتەوەییدا نەیان توانی بێت بە ئاشکرا هێرش بکەن ئەوە دەستیان کردووە بە پیلاندانان و شەری نهێنی. بە درێژایی دەستەلاتی حیزبی بەعسی روخاودا، کە زیاتر لە سی سالی خایاند، جگەلە ئەو هێرشە دژوارە ئاشکرایەکە پروگرامێکی زورنهێنی ی هێمن و درێژخایەنی پیادەدەکرد بو لەناوبردنی کوردو کوردستان. پروگرامەکە لەسەر دوخالی سەرەکی پێکدەهات یەکەمیان کوردستان وەکو خاک و سروشت و دوەمیان کەسایەتی کورد وهەستی نەتەوایەتی کورد ی بوو. بە چاوخشاندنێکی سادە بە روداوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردنی گوند و شاروچکەکانی کوردستان وبە کونکریت بەستنی کانیاوەکانی و قەدەغەکردنی کشت و کال و راگوێزانی خەلکەکەی لەلاییک ولە لایەکیترەوە شکاندنی کەسایەتی تاکی کورد و بەستنەوەی هەمو بەرژەوەندیەکانی بە رژیمەوە، یانکو بە نەتەوەی سەردەستەوە، و بەبەکارهێنانی زور و زورداری ودورخستنەوەی لە روشەنبیری و راگەیاندنی جیهانی دەبینین کە بەداخەوە لەخالی دووەم دا دوژمن زور سەرکەوتوو بووە و کاریگەرییێکی یەکجار زوری لە گەلەکەمان کردووە. ئەمەش تا ئەمرو لە هەلس و کەوتی تاکی کورد دەردەکەوێت وەکو بێباوەری بەخوی و گەلەکەی، بێگانە پەرەستی، پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکەسی، گرنگی دان بە پارە و دەستهەلات پەیداکردن وگوێ نەدان بە بەرهەم هێنان، نەبونی دلسوزی بو گەل و وەلات و گوێرایەلی کوێرانە بو بەرپرسان و تەنیا هەولدانی رازی کردنیان. هەلبەت شتی باش لە گومەلگایەکی ئەوها چاوەروان ناکرێت.

نەخوشیە سەرەکیەکانی ئەمروی کوردستان وەکو پلەی بەرزی گەندەلی لە سەرانسەری کوردستان، جیاوازی بواری ژیانی چین و توێژەکانی کومەلگە و نەبونی دادی کومەلایەتی، نەبونی دەستەلاتی یاسا ونە پرسینەوە لە سزاکاران، بوونی کوردستان بە بازاریکی کالا و نەبوونی ژێرخانی ئابوری و بەرهەم هێنان مەترسی زور گەورەن بو داهاتوی کوردستان. ئەوانەی کە باس لە بوونی ئەم جورە دیاردانە لە زور ولاتانیتر دەکەن ئەبێ بیریش لەوە بکەن کە ئەو وەلاتانە قەبارەی یاسایی سەربەخویان هەیە و بەراوردکردنیان لەگەل کوردستانی ئەمرو کارێکی زورهەلەیە.

مەبەستم لەم پێشەکیە ئەوەیە چون خومان ئامادە دەکەین بو روبەروبونەوەی ئەو مەترسیانەی ئەمرو لەسەر کوردستاندان، لەلایەکەوە ئێران سنورمان لەسەر دادەخا و لەولاوە جەندرمەی تورک هەرەشەی هێرش بو سەرکوردستان دەکەن و لەوانەیە سنوریش داخن. و ئەگەر چی ئیستا لەبەر رەوشی ئالوزی عیراق و چەند ئەگەرێکی تر لە ناوچەکە ئاسان نیە ئەمریکا رێگا بە دراوسێکانمان بدات بەلام دیسان ئەمرو سەروەری کوردستان لە مەترسیدایە و تا ئێستا ئایندەی عیراقیش دیار نیە ودەبێت بیری ئەوەبکەین کە کورد نابێت تا دواروژ هەر چاوی لە پشتیوانی زلهێزەکان بێت وبو خوی پلانی نەبێ.

بو ئەوەی دلمان بە داهاتوی کوردوکوردستان خوشبێ و ئومێدمان بە سەربەخویی بەهێزتربێت و تا ئەم دەرفەتەمان لەدەست نەداوە ئەبێ لە هەمو لایەکەوە بەخوماندابچینەوە و خالەلاوازەکانمان دەستنیشان وچارەسەربکەین. هەلبەت هالمەتێکی وا لە ئەستوی دەستەلاتی سیاسی و حکومەتی کوردستانە بەلام ئەرکی سەرشانی تاکە تاکەی کوردیشە کە ئامادە و یارمەتیدەربێت. بو ئەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئامانجەش پێویستمان بە دەزگای زانست ولێکولینەوەی بسپور و کارئامە هەیە کە دوربێت لە گیانی حیزبایەتی و ناوچەگەری و تەنیا بەرژەوەندی نەتەوەی کوردی لەبەرچاوبێت.

دیارترین خالی لاوازمان بریتیە لە بەهێزنەبونی باوەری وپەیوەندی لە نێوان جەماوەر و دەسەلات دا کە من بە بنچینەی خالە لاوازەکانی تر دەبینم. بویە دەبێ باوەری تەواو لەنێوان جەماوەر و دەستهەلات بخولقێنین و پەیوەندی بەهێز و فراوان لەنیوانیان دا دروست بکەین. دەبێ لە پەروەردەو راگەیاندنەوە دەستپێکەین، پەروەردەیەکی زانستی دیموکراتی و نەتەوایەتی، هەستی نەتەوەیی بەرزکەینەوە، کوردوکوردستان، شەهید و پێشمەرگە، خەبات و ئازادی، سەروەری و دەستکەوتەکان پیروز رابگرین. فێری دەربرینی هەلویست و داخوازەکانمان بین بە ئاشتی وئاشکرایی. دلسوزی و لێهاتوویی کەسان بنرخێنین. هەمومان رێز لە یاسابگرین ویاساکانمان دیموکراسیانەبن. گرنگیدان بە کشتوکال لە کوردستان و هەروەها کاربکرێت بو دروستکردنی ژێرخانی ئابووری بەکەمکردنەوەی هێنانی کالا لە دەرەوەی کوردستان وهاندانی گیانی بەرهەمهێنان و ئافراندن لەناو کوردستان بە پێی پروگرامی زانستی و هاوچەرخ. ئەمە لە ئاستی کوردستان.

لە ئاستی جیهانیش من دەبینم دوزی نەتەوەیی کورد لەم سالانەی، بەناو رزگاری عیراق، هیچ پێشکەوتنی بەخووە نەدیوەو بەداخەوە لەبەر رەوشی ئالوزی عیراق کەمتر لە جاران لە جیهان باس دەکرێت و ئەگەر باسیش بکرێت وەکوفاکتەرێکی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دێت. لەکاتێکدا ئەمریکا پروژەیەکی دیاری بو کورد دانەناوەو بەکردەوە پشتگیری داخوازەکانی کوردی نەکردووە. بویە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردی لەسەر داخوازەکانی گەلی کورد سوربێت (وەکو کەرکوک و ناوچەدابراوەکان و نەوت و.. ) و بە ئاشکرایی لە ئەمریکا داوای پشتگیری بکات و هەروها گرنگی بدات بە پەیوەندیە کانی دەرەوە لە ئاستی ناوچەو و جیهاندا.

سوێد 2007/10/26 بێستون بەرواری
Biston. berwari@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.